# ڕاپۆرتی کار و تێکۆشان



پێشکەشکردنی: مەنسوور سەممار

ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە:
لاوە خۆشەویستەکان:

ئەمرۆ بە ئامادەبوون و بەشداری ئێوەی تێکۆشەر ڕۆژێکی دیکەی مێژوویی لە ژیانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران تۆمار دەکرێ کە نەسلی پێش ئێمە شاد دەکا بەوەی کە ڕێگە پڕ هەوراز و نشێوەکەیان، ئاوات و ئارەزووەکەیان، ئەرك و ئامانجەکەیان هەر پڕ ڕێبوراە و کاروانی ڕێباز و ئامانجەکانیان لە چوونە پێش نەکەوتووە، نەسلی دوای ئێمەش بە ڕێز و حورمەتەوە ئەو ڕۆژانە باس دەکەن و لێی دەکۆڵنەوە و بە عەقڵانیەتی سەردەمی خۆشیان ئەرکی سەرشانی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

بە پێی نێوەرۆکی پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر بە دوو ساڵ جارێك دەبێ کۆنگرەی خۆمان گرێ بدەین، بەجێیە ئەگەر بڵێین کە یەکیەتیی لاوان بە پێی ئەو ئەسڵەی کە بە دیموکراسی پابەند بووە هەوڵی داوە هەمیشە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا کۆنگرەکانی خۆی ببەستێ. یەکەمین کۆنگرە لە ٤ تا ٦ی بەفرانباری ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی و دووهەمین کۆنگرەش لە ٢١ تا ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٢ی هەتاوی بەڕێوە چوو. جێی شانازی کردنە کە لاوانی دیموکرات توانیویانە بۆ جارێکی دیکە لە کاتی دیاریکراودا سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوان لە ژێر درووشمی "لە پێناو پشتیوانی کردن لە خەباتی ئازادیخوازانەی لاوانی کورد بۆ بەربەرەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆری لە ئێراندا" لەم ڕۆژەدا ببەستن. جگە لەو شانازی کردنە لە جێی خۆیدایە کە بڵێین ئێمە لێرەوە لەو ساڵۆنەدا بۆ جارێکی دیکە سەری ڕێز و وەفا لە بەرامبەر هەموو شەهیدانی گەل و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دادەنەوێنین و بە ئەمەگەوە یادیان لێوە دەکەینەوە و ڕێگای سەربەرزی ئەوان پڕ ڕێبوار دێڵینەوە.

بەم بۆنەوە ئەم ئەرکە مێژووییە کەوتە سەرشانم کە ڕاپۆرتی کاروتێکۆشانی یەکیەتیی لاوان لە ماوەی نێوان کۆتایی هاتنی دووهەمین کۆنگرە تا دەست پێ کردنی سێهەمین کۆنگرە پێشکەشی بەشدارانی بەڕێزی ئەو کۆنگرەیە بکەم.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراو لە کۆنگرەی دووەم دا هێندێك بڕیار و ڕاسپاردەی کەوتە سەرشان کە بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشان دا بوو تا ئەو بڕیارو ڕاسپاردانە بە دروستی و بە ئوسوولی بە جێ بگەیەنێ و بە هەست کردن بە هەلومەرجی کات و شوێن چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات شانی داوەتە بەر ئەو ئەرکانەی کە کەوتوتە ئەستۆی ئەوان، لە بوارەکانی تەشکیلاتی، تبلیغاتی، پەیوەندییەکان، ئامووزشییەوە کە بە شێوەی خوارەوە باس لەسەر هەر بەشێکیان دەکەین و ئەو قۆناغە لە کاروتێکۆشانی یەکیەتیی لاوانیدێموکراتی کوردستانی ئێران تاووتوێ دەکەین.

### لە بورای تەشکیلاتیدا

ئەندام و ئەندامگیری یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی مافی هەر ڕێکخراوێکەو دەتوانێ وەك چەکێکی هەرە گرنگ بۆ بەرەوپێش خستنی کارەکان نێودێر بکرێ، بۆ ڕێکخراوێکی وەك یەکیەتیی لاوانیش هەست کردن بەو زەروورەتە گرینگە لە هەموو قۆناغەکانی تێکۆشانی لاوان شتێکی حاشا هەڵنەگر بووە و توانراوە ئەم ئەرکەی بەباشی بەڕێوەبەرێ. بەدوای کۆنگرەی دووهەمدا بەڕێوەبەری گشتیی هەڵبژێراوی کۆنگرە بە هەوڵ و ماندبوونێکی دیکە چ بە شێوەی ئاشکرا و چ نهێنی بۆ پتەوکردن و زیاتر کردنی ڕیزەکانی خۆی تێکۆشاوە و دەستی بە کاری ئەندامگیری کردووە و هەمیشە هەوڵی بەردەوامی داوە کە ئۆرگانەکانی خۆی بە ڕێك و پێکی سازمان بدا تاکوو ئەندامانی بە شێوازێکی ڕێك و پێك و سازمان دراو لە دەوری ئەو ڕێکخراوەیەدا بۆ گەیشتن بە ئەهدافەکانیان کۆ ببنەوە.

لە ماوەی تێپەڕینی دوو ساڵ بەسەر کۆنگرەی دووەمی یەکیەتیی لاوان تا ئێستا بەڕێوەبەری گشتی هەوڵی داوە لە نێو کەمپ و ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چ لە نێو ئەوکەسانەی بە هەر هۆیەک پەرتەوازەی کوردستانی باشوور دەبن و لە شارەکانی کوردستان وەک پەنابەر نیشتەجێ دەبن پێوەندی بە لاوەکانەوە بگرێ و شارەزای بەرنامە و ئەو ڕەسالەتە مێژووییان بکەن کە کەوتۆتە سەرشانی یەکیەتییەکەمان و هەروەها دوابەدوای کۆنگرە بۆ هەموو کۆمیتە و پۆلەکان کۆنفرانس پێک هاتو بەشداران توانیان بەرپرسانی خۆیان چ وەک سەرپۆل یا ئەندامی کۆمیتە و بەرپرسی کۆمیتە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی باشتر بە گوێی ئەندامان بگات و کارەکانیش بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی باش بەڕێوە بچن.

دوابەدوای ئەوە کە لە مانگی ژوئەنی ٢٠٠٢دا لە ئورووپا کۆنفرانسی یەکەمی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەسترا و تەواوی کۆمیتە و پۆلەکان چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی کوردستان وەک بنەماڵەیەکی گەورە کەوتنە سەیەک، ڕێکخراوەکەمان توانیویەتی بە شێوەیەکی بەرین تر و بەربلاوتر تێکۆشانی بێت و لاوانی ئازادیخواز و پێگەیشتووی دەرەوە لە دەورەی یەکیەتیی لاوان کۆبکاتەوە. ئێمە ئێستا لە وڵاتانی سوئێد، دانمارک، نۆروێژ، فینلاند، ئوسترالیا، کانادا، ئەمریکا، ئینگلیس، سوئیس، یونان و ئاڵمان ئەندامان هەیە. کۆمیتەکانی ئەو وڵاتانە ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانیخۆیان بە ڕێک و پێکی بە جێ دەگەیەنن، لاوانی دێموکرات بۆ زیاتر یەکریزی و یەکدەنگی لەگەڵ یەکتر لە ئورووپادا نوێنەرایەتییەکی گەورەتریان سازداوە کە نوێنەرایەتی وڵاتانی ئورووپایی تێدایە. تا ئێستا کۆمیتەی ئەو وڵاتانە وەک سوئێد، نۆروێژ، فینلاند، دانمارک بەشێوەیەکی باش کارەکانیان بەڕێوە چووە جگە لەوانە هەوڵ دەدرێ بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کاروباری لاوان لە دەرەوەی وڵات و لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە کوردی ئێرانی لێ دەژی دەبێ زیاتر تێبکۆشرێ تا لاوەکانی لە دەوری ئەو ڕێکخراوەیەدا کۆ بکەنەوە.

لە بورای تەشکیلاتیدا جگە لەو ئەرکانەی سەرەوە هەوڵ دراوە پێوەندی بە لاوانی بوێر و جیابیر و ئازادیخواز و نیشتمان پەروەری وڵاتەکەمانەوە بگیرێ و لە لایەن ئەوانەوە لە لایەن ئەوانەوە بڕیارو ڕاسپاردەکانمان،ئەرک و ئامانجەکانی یەکیەتیی لاوان بەرنەوە نێو کۆمەڵانیخەڵک و توێژی لاوان بە تایبەتی و بەشێوەی نهێنی وەک ئەندام لە نێوخۆی وڵات کاربکەن. بۆ ئەم مەبەستە ڕێوشوێنی کاری تەشکیلاتی نهێنی مان ئامادە کردوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**ــــ لە بواری پێوەندییەکاندا:ــ**

یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی سەرشانی یەکیەتیی لاوان کە تا ئێستا هەوڵی بۆداوە پێوەندی گرتن بە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان بووە تووانراوە لە کوردستانی باشوور پێوەندییەکی سالم لەگەڵ ڕێکخراوە دیموکراتیک و سینفییەکان دابمەزرێنین، ئاستی پێوەندییەکانمان تا ئێستا گەیشتووەتە ڕادەی هاوکاری و بەشداری لە چالاکییەکانی یەکتر و هەروەها ناردنی هەیئەت و پەیامی پیرۆزبایی لە بۆنەکانی یەکتردا. لەگەڵ ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، یەکیەتیی قوتابیانی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی عێراق، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی لە کوردستانی عێراق، ڕابوونی خوێندکار و لاوانی کوردستان. یەکیەتیی گشتیی قوتابیانی کوردستان، سەنتەری چالاکی گەنجان و چەندناوەند و ڕێکخراوی تایبەت بە لاوان و خوێندکاران پێوەندییەکی باش و دۆستانەی هەبوو..

جگە لەو کارانە لە بورای پێوەندییەکاندا بە بۆنەی سەرکەوتنی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی فیدراڵ پەیامی پیرۆزباییمان ناردووە و ئاواتەخوازی سەرکەوتنی زیاتری گەلی کوردستان لەم بەشە دەخوازین هەروەها بەبۆنەی تیرۆری ناجوانمێرانەی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت هەردوو بارەگای لقی دوو پارتی و دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی سێی هەولێری یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان پەیامی هاوسۆزیو هاوخەمیمان ناردوە.

چ لە کوردستان چ لە دەرەوەی وڵات یەکیەتیی لاوان پێوەندییەکی لە مێژینەی لەگەڵ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەبووە پێوەندییەکەمان ماوەی ساڵێک دەبێ کە لە شێوەی تەعارف و بەشداری لە بۆنەکانی یەکتر و پەیام ناردن هاتۆتە دەر و کاروباری هاوبەش و پەیامی هاوبەشمانبە یەکەوە جێبەجێ کردوە وەک دوو یادگاری کۆماری زێڕینی کوردستان ئەو پێوەندییە سنفییانەی خۆمان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لەگەڵ یەکتر نزیک دەکەینەوە.

هەروەها ئەندامانی یەکیەتیی لاوانیش لە دەرەوەی وڵاتیش چ لە سەر داوای خۆیان وچ لەسەر داوای ڕێکخراوی بەرامبەریان هەوڵیان داوە پێوەندیەکی باش لەگەڵ ڕێکخراوەسینفیەکانی وڵاتانی دەرەوە بگرین و ئاڵوگۆڕی بیرو ڕا بکەین.لەگەڵ ڕێکخراوەکانی,لاوان سۆسیال چەپی

نۆروێژ، پارتی سۆسیال چەپی ئەو وڵاتە وسۆسیال دێمۆکراتەکانی نۆروێژ، لاوانی چەپ و کۆمۆنیستی یونان پێوەندی گرتووە و بە ئەندام بوونی یەکیەتیی لاوان لە ڕێکخراوی L.S.Uی سۆئێدی دا یەکێکی دیکە لە دەسکەوتە گرینکەکانی یەکیەتیی لاوان بووە، کەتوانیویەتی لە بواری پێوەندیيە نێونەتەوەیی‌یەکانیش ئەو ئامانجانە بپێکێ و ببێتە بەشێك لەو ڕێکخراوە جیهانیانە. پێوەندی گرتن بە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوانی سەر بە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران ئەرکێکی دیکەی کاروباری پێوەندییەکانی یەکیەتیی لاوان بووە، بۆ نمونە پێوەندی گرتن بە لاوانی عەرەبی ئەهواز یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی بووە و ئێمە وەك دوو نەتەوەی زوڵم لێکراو، وەك دوو ڕێکخراوی تایبەت بە لاوان لە ئێران دا پێوەندیمان لەگەڵ یەکتر دامەزراندووەو دانیشتن لەگەڵ کۆمیتەی دانیشجویی زیندانیانی تاران یەکێکی دیکە لەو هەوڵانە بوە و لە دوارۆژدا دەبێ ئەو پێوەندییانە زیاتر پەرە بسێنن و هەم لە ئێران و کوردستان و دەرەوەی وڵات زیاتر یەکیەتی لاوان دانیشتن و پێوەندی هەبێ.

**لە بواری تەبلیغاتی‌یەوە**

زانیاری گەیاندن لە دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆدا یەکێك لە کارە هەرە گرینگەکانی هەر حیزب و سازمان و ڕێکخراوێکە. یەکێك لەو هۆکارە گرینگانە کە دەتوانرێ لەو بوارەوەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان پێناسەی ئەو ڕێکخراوەیەی پێ بکەین، هەر بۆیەش یەکیەتیی لاوان هیچ کات لەو کارە بەنەرخانە دانەبڕاوە و لە پاش کۆنگرەی دوهەمەوە تا ئێستا ٧ ژمارە گۆڤاری لاوان ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە بەرگێکی جوان و سەرنج ڕاکێش و هەر ژمارەیەك زیاتر لە ٥٠ لاپەرە، بە تیراژێکی زۆر هەر بە سێ مانگ جارێك چاپ و بڵاو کردۆتەوە و هەروەها گۆڤاری لاوانی خستۆتە سەرتۆری جیهانی ئینتەرنێت کە خوێنەرانی بەرێزی ئەم گۆڤارە لە هەر کوێیەکی دنیا بن و بەتایبەتی ئەو لاوانەی دەستیان بە گۆڤارەکە ڕاناگا بتوانن لەو ڕێگایەوە بیخوێننەوە و لەگەڵ بیروبۆچوون و بەرنامەو ئامانجەکانی یەکیەتیی لاوان ئاشنا بن جگە لەمە لە دەرەوەی وڵاتیش وەك یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد ڕۆژنامەیەکی ئەنتێرنێتمان بە ناوی ڕێژوان هەیە بۆ زیاتر خزمەت کردن بە لاوانی کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتە.

دانانی ماڵپەڕی ئینتێرنێتی یەکێکی دیکە لە کارە تەبلیغی‌یەکانی ئێمە بووە و بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا لە لایەن لاوانی دانیشتووی سوئێدەوە توانیمان بچینە نێو ئەو دنیا بەرفراوانەوە و بە نێوی سایتی www.lawan.com پەرەمان بەم ئەرکە بەنرخەداوە کە ئەو ماڵپەڕە ئێستا لە وڵاتی سوئێد بەناوی www.lawan.se بەڕێوە دەچێ و لاوانی کوردستان لێرەوە www.lawan.com بەڕێوەدەبەن و هەروەها لە وڵاتی نۆروێژ www.lawankurd.com و لە وڵاتی فەنلاند www.lawan.fi دوو سایتی دیکەی یەکیەتیی لاوانن کە ئەرکی تەبلیغاتی و زانیاری پێ گەیاندنیان بۆ لاوانی کورد خستۆتە ئەستۆی خۆیان.

هەروەها لە باری تەبلیغاتی‌یەوە یەکیەتیی لاوان تا ئێستا چەندین جار بە چاپی تراکت و دروشم و cdلە سەر بەرنامەی یەکیەتیی لاوان و ناردنەوەیان بۆ نێوخۆی وڵات توانیویەتی کاری تەبلیغی لە نێوخۆی وڵاتیش دا بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی‌پێ بدا . جگە لەمانەش هەموو حەوتووان بەرنامەی ڕادیۆیی لاوانی بۆ ماوەی ٢٠ دەقیقە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاوکراوەتەوە وەك تریبوونێك بۆ باس لە سەر مەسەلەکانی پێوەندی‌دار بە لاوان و کاروتێکۆشانی یەکیەتیی لاوان، ئاشنا کردنی لاوان لەگەڵ بیروبۆچوونی یەکیەتیی لاوان و هەروەها هەڵوێستی ئەم ڕێکخراوەیە لە بەرامبەر لاوان دا بەکاری هێناوە کە لەدەرەوەی وڵاتیش لە وڵاتی سوئێد ڕادیۆوی یەکیەتیی لاوان لە شارەکانی ئەو وڵاتە ئەو ئەرکەش بە جێ دەگەیەنن.

هەروها کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان لە بەرەبەری دەستپێکردنی سێهەمین کۆنگرەی خۆیدا فیلمێکی دیکۆمێنتی بۆ باشتر ناساندنی یەکیەتیی لاوان دروست کردووە کە لە یەکەم ڕۆژی کرانەوەی کۆنگرەدا نیشانی ئەندامان و لایەنگران و دۆستان و میوانانی ڕێکخراوەکەی دا. جگە لەو کارە بەنرخەش کۆمیتەی بەرێوەبەریی گشتیی بلاوکراوەیەکی تایبەتی بە ناوی کۆنگرە وەك پاشکۆی گۆڤاری لاوان بڵاو کردەوە کە لەوێدا ئاوڕێکی کورت لە مێژووی یەکیەتیی لاوان درابۆوە. وەك ڕێزلێنانیش ئاوڕێك لە ئەندامانی بەرێوەبەریی گشتیی پێش خۆیان دابۆوە و بەو پەڕی ئەمەگەوە وێنەی شەهیدانی لە بەشێك لەو بڵاوکراوەیەدا بڵاوکردۆتەوە هەروەها ئەم بڵاو کراوەیە چەند بابەتی تایبەتی بە خۆوە گرتوە کە جێی سەرەنج و و ڕاوێژی لاوان بە تایبەتی و خەڵك بە گشتی بووە.

**لە بورای ئامووزشی‌یەوە**

یەکێکی دیکە لە کارە هەرە گرینگەکانی یەکیەتیی لاوان کاری ئامووزشی بووە. کۆمیتەی بەرێوەبەریی گشتیی ئەرکی ڕاهێنان، پەروەردەکردن، تەفریحی سالم و وەرزشی بە ئەرکێکی هەرە گرینگی خۆی زانیوە کە کاتی بێکاری لاوەکانی پێوە پڕ بکاتەوە و لەهەمان کاتیشدا جەستە و

ڕەزبەری ١٣٨٤ی هەتاوی، ژمارە ٣٢

رووحی لاوەکان پڕکات لە کامەرانی و شادابی و لەش ساغی و تەندروستی و بیری هوشیاری و تێگەیاندن لە نێو لاواندا زیاتر کا کە لەم راپۆرتەدا ئاماژەیان پێ دەکرێ، لە ماوەی نزیك بە سێ ساڵ تێپەڕین بە سەر یەکەمین دەورەی سیاسی بۆ بارهێنانی کادری یەکیەتیی لاوان کۆمیتەی بەرێوەبەریی گشتی بە زەرووری زانی کە بەو هەلومەرجە نوێیەی کە دەورووبەری وڵاتەکەمانی گرتۆتەوە دووهەمین دەورەی سیاسی بە بەشداری ئەندامانی کوڕ و کچ کردەوە و ئەو کلاسانە لە چەندین ماددەی دەرسی وەك مێژووی هاوچەرخی ئێران، ژئۆپۆلەتیك، دیموکراسی، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات، یەکە یەکگرتووەکان لە ئاسیا و ئورووپا، بەرنامە و ئەساسنامەی یەکیەتیی لاوان و مێژووی جولانەوەکانی کورد کە لە لایەن ئەندامان و رێبەرانی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی لاوانەوە دەگوترانەوە، پێکهاتبوو هەوەها لەنێوئاخنی دەورەکەدا دوو کۆنفرانسی گرینگ پێشکەش بە بەشدارانی دەوەرەکە کرا.

فێرکردن و ئاشناکردنی لاوان لەو رشتە زانستی و سەردەمییانە یەکێکی دیکە لەکارە ئامووزشییەکانی یەکیەتیی لاوان بووە و بە دانانی کلاسی جۆراوجۆر لە وەرزی هاویندا زۆر کاری بە سوودی بە ئەنجام گەیاندووە وەك کلاسی کۆمپیوتێر و خەتاتی و وێنەکێشان، کلاسی ئینگلیزی کە بەشێك لە ئەندامان تێیدا بەشدار بوون.

بەشداری چالاکانە لە بۆنەو رێورەسمەکانی حیزبی دێموکرات و هەروەها رێورەسمی تایبەت یەکێکی دیکە لە کارە ئامووزشییەکانی ئێمە بووە بە تایبەت لاوان چ لە نێوخۆ و چ لەدەرەوە توانیویەتی لەو بۆنە پیرۆز و مێژووییانەدا بەشداری بکات و بۆ پێزانین لە رێبەر و پشتیوانی سەرەکی لاوان لە ڕابردوودا لاوان ئەو ئەرکەیان خستە سەرخۆ کە لەوڵاتانی ئورووپاییەوە بچنە سەر مەزاری پیرۆزی شەهیدان دوکتۆر قاسملوی نەمر و هاوڕێیەکانی، دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە گۆرستانی پێرلاشێز و سەری رێزو وەفاداری بۆ ئەوان و هەموو شەهیدانی گەل و یەکیەتیی پێك بێنن. هەروەها بەشداری لاوان لە بۆنە مێژووییەکانی وەك نەورۆز و چوارشەممە سووری و سازدانی تیپی هەڵپەرکێی کیژان و کوڕان خزمەتیان بە هونەری نەتەوەی کورد کردووە و بە دانانی کۆڕی رۆشنبیری و رووناکبیری و دانانی سیمیناری تایبەت بە لاوان لەسەر کێشە و گرفتەکانی سەر رێگایان چ لە نێوخۆو چ لەدەروە بەرێوەچوون، بەتایبەتی ئەو سیمینارە گەورانەی کە لەوێدا سکرتێری گشتیی حیزب بەرێزو تێکۆشەر کاك مستەفای هیجری بەشداری تێدا کردووە جێی بایەخدانێکی تایبەتی بۆ لاوان بە گشتی پێوەدیار بووەو لەم بارەوە لە پشتیوانی و هاوکاری حیزب، لاوان هیچ کات بێبەش نەکراوە. یەکیەتیی لاوان لە ماوەی دەست بەکاربوونیەوە تا ئێستا هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە ئەو لاوانە بەشێوەیەك هەر بەهرەیەکیان هەیە، ئیمکاناتی بۆ فەراهەم بکا و بە خەڵکیان بناسێنێ . و کەسانی دیکەش کەڵکیان لێوەرگرن بۆ ئەم مەبەستە بەکردنەوەی پێشانگای جۆراوجۆر خەتاتی و نەقاشی و کاریکاتێر بۆ منالان و گەورەسالان و هەروەها کۆری شیعر و چیرۆك خوێندنەوە بۆ ئەو لاوانە کە لە هەر کام لەم بوارانەدا شارەزاییان هەبووە ، بەرێوەی بردوون و هاوکاری سەرەکی کردوون .

یەکیەتیی لاوان لە کارەکانی خۆی دا گرینگییەکی تایبەتی بە کاری رۆژنامەوانی داوە و دەرگایەکی ئاواڵەی بۆ ئەو تازە قەڵەمانە کردۆتەوە کە لە دوارۆژدا ئەم کارە دەکەن تا لە ئێستاوە بە باشی لە هونەری رۆژنامەگەری بگەن و زیاتر خزمەت بەو هونەرە بکەن. لە رێبەندانی ١٣٨٢ تا بە فرانباری ١٣٨٣ی هەتاوی دوو پێشبرکێی رۆژنامە دیواری سازداوە کە تەواوی کۆمیتە و پۆلەکانی یەکیەیتی لاوان بەشداریان تێدا کردووە کە ئەم کارەش کاریگەری خوێندن و نووسینی لە سەر لاوەکان هەبوە. پێکهێنانی سەیران و گەشتی بە کۆمەڵ بۆ ئەندامانی رێکخراوەکەمان یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی کۆمیتەی بەرێوەبەریی گشتی بووە و هەروەها بەم بۆنەیەوە بۆ ناساندن و تێکەڵ بوونی رێکخراوەکەمان لەگەڵ رێکخراوە هاوشێوەکانی خۆی بەتایبەت رێکخراوی لاوان سەیرانی هاوبەش لەگەڵ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی لە کوردستانی عێراق پێکهێناوە، ئاڵوگۆری بیروڕا لەناو ئەندامانی هەردوو رێکخراو کاریگەری موسبەتی هەبووە. بۆ پەروەردە کردنی جەستە و لەشساغی یەکیەتیی لاوان هەوڵی جیددی بەکارهێناوە، واتە لە بورای وەرزشییەوە یەکیەتییەکەمان توانیویەتی خزمەت بە لاوەکان بکا و بۆ ئەو مەبەستەش بە دانانی پێشبڕکێی جۆراوجۆر وەك فوتباڵ، ریزگۆڵ، والیباڵ، هەڵاتن، پێنگ پۆنگ و شەترەنج ئەو ئەرکەشی بە باشی بەرێوە بردووە. هەروەها بە دانانی دەورەی وەرزشی لاوەکانی لە بورای ئامووزشی فوتباڵەوە ئاگا کردۆتەوە کە سەرەڕای کۆمیتەو پۆلەکانی یەکیەتیی لاوان ئۆرگانەکانی حیزبیش دەووری چالاکانەیان هەبووە. بەم شێوەیە کۆمیتەی بەرێوەبەریی گشتی وەك لەم راپۆرتەدا ئاماژەی پێکرا تووانیویەتی سەرەڕای گیروگرفت و کەندوکۆسپەکانی لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا ئەوەند خزمەت بە لاوان لەم بەشانەدا بکا.

* * *